**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە :** 2379 **لە** 2014/5/28

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی ( **105** ) برگەی ( ب ) لە یاسای چاودێری کۆمەڵایەتی ژمارە ( **126** ) ساڵی ( **1980** ) ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد :

**ڕێنمایی ژمارە** ( 2 ) **ساڵی** ( 2014 )

**ماڵی داڵدەدانی ژنانی هەڕەشەلێکراو**

**ماددەی یەکەم :**

مەبەست لەم دەستەواژە و زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆجێ بەجێ کردنی ئەم ڕێنماییە:

**یەکەم :** هەرێم : هەرێمی کوردستان – عێراق .

**دووەم :** وەزارەت : وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی هەرێم .

**سێیەم :** ماڵی داڵدەدان : ماڵێکی نهێنی پارێزاوی تایبەتە بۆ لەخۆگرتنی ژنانی هەڕەشە لێکراو و ئەو ژنانەی کەکێشەی کۆمەڵایەتیان هەیە بەمەبەستی پاراستن و بەدواداچوونی کێشەکان و پەرەپێدانی تواناکانیان تا چارەسەرکردنی کێشەکانیان و گەڕانەوەیان بۆ ناو کۆمەڵگە ، و دابین کردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی ڕۆژانە بۆیان .

**ماددەی دووەم :**

**ئامانجەکانی ئەم ڕێنماییە :**

**یەکەم :** پاراستنی ژنان لە توندوتیژی خێزانی .

**دووەم :** دابین کردنی ژیانێکی ئارام بەشێوەیەکی کاتی بۆ ژنانی هەڕەشە لێکراو و ئەو ژنانەی کە کیشەی کۆمەڵایەتیان هەیە وچارەسەرکردنی کێشەکانیان .

**ماددەی سێ یەم :**

**یەکەم :** وەزارەت هەڵدەستێت بەکردنەوەی شوێنی گونجاو بۆ داڵدەدانی ژنانی هەڕەشە لێکراو و ئەو ژنانەی کە کیشەی کۆمەڵایەتیان هەیە ، کە تیایدا پۆلێن بەندێك بکرێت بەپێی جۆری کێشەکانیان و ماوەی مانەوەیان و باری تەندروستیان .

**دووەم :** ماڵی داڵدەدان هەڵدەستێت بەم کارانەی خوارەوە :

1. وەرگرتنی ئەو ژنانەی تووشی توندوتیژی خێزانی هاتوون ، ئەوانەی هەڕەشەیان لێکراوە ، ئەوانەی کیشەی کۆمەڵایەتیان هەیە و ئەوانەی قوربانیانی بازرگانی بە مرۆڤن .
2. دابین کردنی پێداویستیە سەرەکییەکانی رۆژانەی سوودمەندان .
3. دابین کردنی ژینگەیەکی تەندروست بۆ ئەو ژنانەی کە سوودمەندن لەماڵی داڵدەدان لە گشت بوارەکان .
4. بەدواداچوونی کێشە کۆمەلایەتی و یاساییەکان بۆ سوودمەندانی ماڵی داڵدەدان لەدادگا و دامەزراوە حکومیەکان لەچوارچێوەی یاسا و ڕێنماییەکان .
5. پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری چاودێری پاشینە بۆ سوودمەندان بە هەماهەنگی ماڵی داڵدەدان و بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژبە ژنان وڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کە لە (6) شەش مانگ کەمتر نەبێت.
6. پاراستن و شیاندن و دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆیان .

**سێیەم :** ماڵەکانی داڵدەدان دەبەسترێنەوە بەبەڕێوەبەرایەتییە گشتیەکانی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەلایەتی .

**ماددەی چوارەم :**

لیژنەیەك پێکدەهێندرێت بەسەرۆکایەتی بەرێوەبەری ماڵی داڵدەدان و ئەندامیەتی توێژەرێکی کۆمەلایەتی وەیان دەروونی و یاساییەك و نوێنەرێکی پسپۆر لە بەرێوەبەرایەتی گشتی چاودێری گەشەپێدانی کۆمەلایەتی بۆ وەرگرتن و دەرچوونی سوودمەندانی ماڵەکانی داڵدەدان .

**ماددەی پێنجەم :**

مەرجی وەرگرتن و چوونە دەرەوەی ژنانی سودمەند :

یەکەم : مەرجەکانی وەرگرتن :

1. دەبێت ئەو ژنانە هەرەشەلێکراو بن و دووچاری کێشەی کۆمەلایەتی و یان یاسایی هاتبن .

2. نەخۆش نەبن بە یەکێك لە نەخۆشیە گوازراوەکان یان دەروونیەکان .

3. دەبێت پشکنینی پزیشکی بکرێت بۆ قوربانیانی بازرگانی بە مرۆڤ بەر لە وەرگرتنیان .

دووەم : مەرجەکانی دەرچوون:

1. کۆتایی بە کێشەکەی هاتبێت لەڕووی یاسایی و کۆمەلایەتیەوە .

2. لەسەر داوای سوودمەند خۆی بە مەرجێك تەمەنی لە (18) سالٚ کەمتر نەبێت ، بە ڕەزامەندی لیژنەی ئاماژەپێکراو لە ماددەی چوارەم .

3. کێسی قوربانیانی بازرگانی بە مرۆڤ پاش مانەوەی چەند رۆژێك لە مالٚەکان گەر زانرا مانەوەی زیانی هەیە بۆ حالەتەکانی تر ، لیژنەی وەرگرتن ودەرچوون لە مالٚەکان پەیوەندی دەکات بەو لایەنەی کە هێناویەتی بۆدۆزینەوەی رێگا چارەیەك .

ماددەی شەشەم :

یەکەم : دەبێت ئەو کارمەندانەی کە لە مالٚی دالٚدەدان کاردەکەن بەلێن نامە پڕبکەنەوە بە پاراستنی نهێنی کەیس و نهێنیەکانی مالٚی دالٚدەدان .

دووەم : وەزارەت هەلٚدەستێت بە کردنەوەی خولی تایبەت بە چۆنیەتی مامەلٚەکردن لەگەلٚ کەیسەکان و پاراستنی نهێنییەکانی مالٚی دالٚدەدان بۆ هەموو ئەو کارمەندانەی کار لەگەلٚ کێشەی توندوتیژی خێزانی دەکەن .

سێیەم : پێویستە ژنی سودمەند پابەندبێت بەرێنماییەکانی ناو مالٚی دالٚدەدان و بەپێچەوانەوە رێکاری جێگرەوەی پێویستی بۆ دەگیرێتە بەر.

ماددەی حەوتەم :

وەزارەت هەلٚدەستێت بەهەماهەنگی لەگەلٚ رێکخراوە ناحکومی ونێودەولٚەتیەکان بۆ پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری بۆ مالٚەکانی دالٚدەدان لەگشت بوارەکان .

ماددەی هەشتەم :

رێگەدان بە کارکردنی خۆبەخش لە مالٚەکانی دالٚدەدان بە رەزامەندی بەرێوەبەری گشتی چاودێری وگەشەپێدانی کۆمەلایەتی ، بە مەرج وبەلێن نامەی تایبەت .

**مەرجی وەرگرتن و چوونە دەرەوەی ژنانی سودمەند :**

**یەکەم :** مەرجەکانی وەرگرتن :

1. دەبێت ئەو ژنانە هەرەشەلێکراو بن و دووچاری کێشەی کۆمەلآیەتی و یان یاسایی هاتبن .
2. نەخۆش نەبن بە یەکێك لە نەخۆشیە گوازراوەکان یان دەروونیەکان .
3. دەبێت پشکنینی پزیشکی بکرێت بۆ قوربانیانی بازرگانی بە مرۆڤ بەر لە وەرگرتنیان .

**دووەم :** مەرجەکانی دەرچوون:

1. کۆتایی بە کێشەکەی هاتبێت لەڕووی یاسایی و کۆمەلآیەتیەوە .
2. لەسەر داوای سوودمەند خۆی بە مەرجێك تەمەنی لە (18) ساڵ کەمتر نەبێت ، بە رەزامەندی لیژنەی ئاماژەپێکراو لە ماددەی چوارەم .
3. کێسی قوربانیانی بازرگانی بە مرۆڤ پاش مانەوەی چەند رۆژێك لە ماڵەکان گەر زانرا مانەوەی زیانی هەیە بۆ حالەتەکانی تر ، لیژنەی وەرگرتن ودەرچوون لە ماڵەکان پەیوەندی دەکات بەو لایەنەی کە هێناویەتی بۆدۆزینەوەی رێگا چارەیەك .

**ماددەی شەشەم :**

**یەکەم :** دەبێت ئەو کارمەندانەی کە لە ماڵی داڵدەدان کاردەکەن بەڵێن نامە پڕبکەنەوە بە پاراستنی نهێنی کەیس و نهێنیەکانی ماڵی داڵدەدان .

**دووەم :** وەزارەت هەڵدەستێت بە کردنەوەی خولی تایبەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کەیسەکان و پاراستنی نهێنییەکانی ماڵی داڵدەدان بۆ هەموو ئەو کارمەندانەی کار لەگەڵ کێشەی توندوتیژی خێزانی دەکەن .

**سێیەم :** پێویستە ژنی سودمەند پابەندبێت بەرێنماییەکانی ناو ماڵی داڵدەدان و بەپێچەوانەوە رێکاری جێگرەوەی پێویستی بۆ دەگیرێتە بەر.

**ماددەی حەوتەم :**

وەزارەت هەڵدەستێت بەهەماهەنگی لەگەڵ رێکخراوە ناحکومی ونێودەوڵەتیەکان بۆ پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری بۆ ماڵەکانی داڵدەدان لەگشت بوارەکان .

**ماددەی هەشتەم :**

رێگەدان بە کارکردنی خۆبەخش لە ماڵەکانی داڵدەدان بە رەزامەندی بەڕێوەبەری گشتی چاودێری وگەشەپێدانی کۆمەلآیەتی ، بە مەرج وبەلێن نامەی تایبەت .





**ماددەی نۆیەم :**

ئەم رێنماییە لەرۆژی دەرچوونی جێ بەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی کوردستان ) بڵاودەکرێتەوە.

**د . رێکەوت حمە رشید کریم**

**وەزیری کار وکاروباری کۆمەلایەتی بە وەکالەت**